وەڵامدانەوەی

توندوتیژی ئەلیکترۆنی

ڕێبەرێک بۆ ڕاهێنراوان

ئەم بەرهەمە لەلایەن ڕێکخراوی سیدەوە گەشەی پێدراوە، وەک سەرۆکی گروپی کاری عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژیی ئەلیکترۆنی، و بە پاڵپشتی تەکنیکی و هەماهەنگیی هاوسەرۆک، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)، و بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانداد. ئەم بەرهەمە لە ڕێگەی کۆمەکی دارایی (Safe Online)ـەوە فەراهەم کراوە.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

ناوەڕۆک

پێشەکی ٤

توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ٤

خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ٤

ئامانج ٤

جۆرەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ٥

جۆرەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە ٦

مەترسی و ڕێوشوێنی تایبەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بە گوێرەی شوێن ٧

بواره سەرەکییەکانی وەڵامدانەوە ٨

پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس ٩

خزمەتگوزارییەکانی دەروونەندروستی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی..... ١٠

سەلامەتی جەستەیی/پاراستن ١١

مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییە دیجیتاڵییەکان و لابردنی سەلامەتی ناوەڕۆکی زیانبەخش ١٣

لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتگوزارییەکانی پاراستن..... ١٧

هێڵە گەرمەکان ١٨

ئەم ڕێبەرە لەلایەن سیپدەوە ئامادە کراوە کە ڕێکخراوێکی ناحکوومییە لە هەرێمی کوردستان و هاوسەرۆکی گروپی کاری توندوتیژیی ئەلیکترۆنییە. ڕێبەرەکە لە لایەن ئەندامانی گروپەکەوە پێداچوونەوەی پێداکراوە و پەسەندکراوە. گروپی کاری توندوتیژیی ئەلیکترۆنی سەکۆیەکی هەماهەنگی نیشتیمانییە کە لە ساڵی ٢٠٢١ دامەزراوە و ئەرکەکەی بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە عێراق، لە نێوانیاندا توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە، خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە، خۆسەپاندنی ئەلیکترۆنی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی. ئەم گروپەکە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگا حکوومییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە لە پێناو پتەوکردنی هەماهەنگی لە نێوان لایەنەکانی پاراستنی منداڵ و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، تۆکمەکردنی میکانیزمەکانی خۆپاراستن و وەڵامدانەوە، تواناسازی، بڕەودان بە ڕێبازەکانی بەناوەندکردنی ڕزگاربوو و منداڵ و هەروەها داکۆکیکردن بۆ پەیڕەو و چوارچێوەی بەهێزتر بۆ پاراستنی ژنان و کچان و منداڵان لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیپد © ٢٠٢٦

پێشەکی

ئەم سەرچاوەیە ڕێبەرێکە بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەرانی کەیس و کارمەندانی هێڵی پێشەوە و لایەنەکانی پاراستن کاتێک مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەکەن لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ڕێبەرەکە تەواوکەری ڕێکارە پێوانەییەکانی کاربەجێگەیاندن (SOP)ی ئێستای بەڕێوەبردنی کەیسە، ئامراز و ڕێبازی ورد و زیاتر لە خۆدەگرێت بۆ کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە. ئەم ڕێبەرە تەواوکەر، نەک شوێنگرەوەی، ڕێکارە پێوانەییەکانی کاربەجێگەیاندن کە لە ڕێکخراوکاندا هەن و پێویستە جێبەجێبکرێت لە چوارچێوەی پڕۆسەی پێوانەیی بەڕێوەبردنی کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان. ڕێبەرەکە ڕاسپاردەی کرداریی و بنیاتنراو لە سەر بنەمای بەڵگەندکراوی ماف و ڕزگاربوو بۆ وەڵامدانەوەی کەیسەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی دەخاتە بەردەست. هەروەها بە وردی ڕەچاوی پێویستی ئەو کەیسانە دەکات بۆ پاڵپشتی دەروونداروستی و دەروون-کۆمەڵایەتی، و کاردەکات لە سەر پلانی سەلامەتی و پاراستن، و بەڕێوەبردنی بەڵگە و مەترسییە دیجیتاڵییەکان، و چۆنیەتیی هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی جێبەجێکردنی یاسا و دابینکەرانی خزمەتگوزاریی دیکە

توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە

کردەوەیەکی توندوتیژە کە لە لایەن کەسێک یان زیاترەوە ئەنجام دەدرێت یان ئاسانکاری بۆ دەکرێت یان توندتر یان فراوانتر دەکرێت ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی یان میدیای دیجیتاڵی بۆ ئەنجامدانی هەموو یان بەشێک لە کردەوەکە، بەرانبەر کەسێک بەهۆی جۆری کۆمەڵایەتییەکەیەوە.[1]

خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە

ئاماژەیە بۆ ئەو هەلومەرجانەی کە تیایدا تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و پەیوەندی و ئینتەرنێت لە خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردندا بەکاربهێنرێت. «لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە» و «ئۆنلاین- ئەلیترۆنی» دوو چەمکی لێک نزیکن بەڵام، لە باسی جۆرەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردن کە بە تەواوەتی لە ئۆنلاین یان لە تێکەڵەیەک لە پەیوەندیی ڕووبەڕوو و ئۆنلاین لە نێوان تاوانباران و منداڵان ڕوو دەدەن، هەمان شت نین. جۆرەکانی خراپ مامەڵەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئۆنلاین بریتین لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و هەڵگرتنی بابەتی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ و هەروەها لەخشتەبردنی ئۆنلاین و پەخشی ڕاستەوخۆی خراپ مامەڵەکردنی سێکسی و هەڕەشەکردنی سێکسیی منداڵ، لەخۆ دەگرن.[2]

ئەم ڕێبەرە ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ڕێبازی (تەمەن، جۆری کۆمەڵایەتی، هەمەچەشنی) بێت. تیایدا ڕەچاوکردنی مەترسیەکان و ئاستەنگەکان و پێویستییە جیاوازەکانی ڕزگاربووان دەکرێت بە گوێرەی تەمەن و جۆری کۆمەڵایەتی و ڕادەی کەمئەندامیەتی و ڕەهەندەکانی دیکەی هەمەچەشنی، لە کاتی وەڵامدانەوەی توندوتیژیی ئۆنلاین. هاوکات بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی یەکسان و سەلامەت و گونجاو بە خزمەتگوزارییەکان.

ئامانج

ئامانج لەم دۆکیومێنتە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە لە نەبوونی ڕێبەرێکی دیاریکراو بۆ بۆ لایەنەکانی وەڵامدانەوە لە توندوتیژی ئەلیکترۆنیدا.

ئەم هەوڵە سەرچاوەیەکی گرنگ دابین دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییە گەورەیە لە ڕێنوێنیکردنی کرداریی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە. ئامانجەکە تەواوکردنی ڕێکارە پێوانەییەکانی کاربەجێگەیاندنی (SOPs) تایبەتە بە بەڕێوەبردنی کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵ، نەک شوێنگرتنەوەیان. بۆ ئەم مەبەستەش ڕاهێنەران ئاشنا دەکرێن بە زانیاری و ئامراز و ڕێنوێنیی شیاو بۆ وەڵامدانەوەی سەلامەت و کاریگەر بۆ کەیسەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی و هەروەها پاڵپشتیکردن لە بەدەستهێنانی دەرئەنجامی گونجاوتر بۆ پێگەیشتوان و منداڵان بە ڕەچاوکردنی هەمانگی نێوان لایەنەکان و جێبەجێکردنی ڕێبازی بەناوەندکراوی ڕزگاربوو. ئەم دۆکیومێنتە تیشک دەخاتە سەر مەترسییەکان و خاڵە ڕەچاوکراوەکان و کردەوە پێشنیازکراوەکان و ڕۆڵی دابینکەرانی خزمەتگوزاریی ڕووندەکاتەوە کە پەیوەندارن

1 Making All Spaces Safe, UNFPA, 2021 Making all spaces safe. UNFPA December 2021

2 Interagency Working Group on the Sexual Exploitation of Children. (2025, April). Terminology Guidelines for the Protection of Children from Sexual Exploitation and Sexual Abuse. Second Edition. ECPAT International: Bangkok

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

بە مامەڵەکردن لەگەڵ سەلامەتیی جەستەیی ڕزگاربوو و پێداویستییە دەروونداروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیان و هەروەها پاراستنیان لە جیهانی دیجیتاڵیدا.

تێبینی: ئەم ڕێبەرە بۆ پێگەیشتوان و منداڵانیش بەکار دێت. لە کەیسەکانی منداڵاندا، پێویستە پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ بەردەوام ڕەچاو بکرێن.

جۆرەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە

شوێنکەوتنی ئۆنڵاین
بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ شوێنکەوتن و چاودێریکردنی چالاکی و ڕەفتاری کەسێک لە دەمی هەنووکەیی یان لە ماوەیەکی درێژدا. هەڕەشە یان چاودێری و پەیوەندیی نەخوازراو لەخۆ دەگرێت.[3]

بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسی
بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسی لە ئۆنڵاین لەگەڵ پێشنیازی گوماناوی بۆ کەسانی دیکە تا پەیوەندی بە کەسەکەوە بکەن بە مەبەستی زیانی زیاتر یان هەر مەرامێکی دیکەی نابەجێ.[4]

هاککردن
بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ بەدەستهێنانی دەستگەیشتنی نایاسایی یان ڕێپێنەدراو بۆ سیستەم یان سەرچاوەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی کەسی، گۆڕین یان دەستکاریکردنی زانیارییەکان، یان لەکەدارکردن و پەلامارادانی ڕزگاربووەکە.[5]

گوتاری کینەئامێز
هەر جۆرە ئاخافتنێکی زارەکی یان نووسراو یان ئاکاری کە هێرشخوازانە بێت یان زمانێکی جوداکارانە و سووکایەتیئامێز لەخۆ بگرێت بەرانبەر بە کەسێک یان گرووپێک لەسەر بنەمای شوناسەکەیان. بە واتایەکی دیکە، لەسەر بنەمای ئاین، ئێتنیک، هاوواڵاتینامە، ڕەنگ، ڕەگەز، بنەچە، جۆری کۆمەڵایەتی یان هەر گۆشەیەکی دیکەی شوناسەکەیان بێت.[6]

خراپ مامەڵەکردن لە سەر بنەمای وێنە
بریتییە لە بەکارهێنانی وێنە بۆ زۆرلێکردن، هەڕەشە، گێچەڵ، بەکەمگرتن یان خراپ مامەڵەکردن. جۆرێکی ئەم ڕەفتارە خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی لە سەر بنەمای وێنەیە، کە بە لایەنی کەمەوە یەکێک لەم سێ ڕەفتارە لەخۆ دەگرێت: گرتن یان بڵاوکردنەوە یان هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی سێکسیی بێ ڕەزامەندی.[7]

گێڕەڵی سێکسی لە ئۆنڵاین
هەر ڕەفتارێکی سێکسیی نەخوازراو لە ڕێی ئامرازی ئەلیکترۆنییەوە کە دەکرێت داواکردنی سێکسی نەخوازراو، داواکاریی نەخوازراو بۆ باسکردنی سێکس، داوای نەخوازراو بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سێکسی لە ئۆنڵاین یان ڕووبەڕوو، وەرگرتنی نامە و وێنەی سێکسیی نەخوازراو، بڵاوکردنەوەی نامە و وێنەی سێکسی بێ مۆڵەت و دەرخستنی زانیاریی کەسی سەبارەت بە کەسێک بە ئۆنڵاین.[8]

هەڕەشەی سێکسی
کردەوەی هەڕەشەکردن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە کەسێک (بە وێنە و ڤیدیۆشەوە) لە ناو خەڵکدا یان بۆ خێزان و هاوڕێیەکانی لە ئۆنڵاین مەگەر داواکارییەکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت.[9]

3 Making All Spaces Safe, UNFPA, 2021 Making all spaces safe. UNFPA December 2021

4 Youth Guide to End Online Gender-Based Violence. UN WOMEN 2022

5 Making All Spaces Safe, UNFPA, 2021 Making all spaces safe

6 Id. at 17

7 Id. at 67

8 Id. at 13

9 Youth Guide to End Online Gender-Based Violence. UN WOMEN 2022

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سییەد © ٢٠٢٦

جۆرەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە

بابەتی نەشیاوی تایبەت بە خراپ مامەڵەکردنی سێکسی

بابەتی بینراو یان نووسراو یان دەنگی کە کەسێکی خوار ١٨ ساڵ نیشان دەدات یان باس دەکات یان گوزارشت لێ دەکات کە: (١) چالاکییەکی سێکسیی ڕاستەقینە یان دروستکراو ئەنجام دەدات، (٢) بینەری هەر جۆرە چالاکییەکی سێکسیی بێت، (٣) بەشە سێکسییەکانی جەستەیی بۆ مەبەستی سێکسی نیشان بدرێت، (٤) ئەشکەنجە و ڕەفتاری تووندوتیژ و نامرۆڤانە و سزا و مامەڵەی سووکایەتیئامیز لەخۆ بگرێتن و هەروەها ناوەڕۆکەکە لە بنەڕەتدا سێکسی بێت.[١٠]

لەخشتەبردنی منداڵان بە ئۆنڵاین

پڕۆسەی دامەزراندن/دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت یان تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیی دیکە بە مەبەستی بەرکەوتنی سێکسی لەگەڵ کەسەکە.[١١]

پەخشی ڕاستەوخۆی خراپ مامەڵەکردن

مەبەست لێی پەخشی ئۆنڵاینی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵە، واتە داتا دەمودەست بۆ تەماشاکەر دەچێت و ئەمیش دەتوانێت تەماشای خراپ مامەڵەکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکات و بەشداری بکات لێی. گرنگە بزانین کە پەخشی ڕاستەوخۆ هیچ شوێنپێیەک یان بەڵگەیەک لەسەر ئامێرەکە جێ ناهێڵێت چونکە هیچ فایلیک دانەبەزێندراوە. کاتێک پەخشەکە ڕادەوستێت، ناوەڕۆکی خراپ مامەڵەکردنی سێکسی نامێنێت، مەگەر تاوانکارەکە بە ئەنقەست تۆماری کردبێت. [١٢]

بابەتی بەرهەمهێنراو لەلایەن منداڵەوە

بابەتی سێکسی لە لەلایەن خودی منداڵەوە بەرهەم هاتبێت کە دەکرێت، لە ڕێگەی لەخشتەبردنی ئۆنڵاین یان هەڕەشەکی سێکسییەوە، هان بدرێت یان دروست بکرێت.[١٣] نابێت منداڵان لە بەرانبەر دروستکردنی وێنەی خۆیان دووچاری ڕێکاری یاسایی ببنەوە.[١٤]

هەڕەشەی سێکسی

جۆرێکی هەڕەشەیە کە منداڵ هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە سێکسی و تایبەتەکانیان لێ دەکرێت مەگەر وێنەی زیاتر یان پارە یان چالاکیی دیکەی سێکسی پێشکەش بکەن.[١٥]

بابەتی دەستکاریکراو

وێنە و دەنگی دیجیتاڵیی دروستکراو یان دەستکاریکراو لە ڕێگەی ژیریی دەستکردەوە و/یان فێربوونی قووڵ تا وا لە کەسێک بکەیت کە وا دەربکەوێت شتێک بکات یان بڵێت کە لە ڕاستیدا خۆی نەیکردووە یان نەیگوتووە.[١٦]

10 UNGA. (2024, December). United Nations Convention against Cybercrime. Article 142-.

11 Terminology Guidelines for the Protection of Children from Sexual Exploitation and Sexual Abuse. Second Edition.

12 Id. at 86

13 Id. at 74

14 CRC Committee. (2019, September). Guidelines regarding the implementation of the Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on the sale of children, child prostitution and child pornography. CRC/C/156. Paragraph 67.

15 Terminology Guidelines for the Protection of Children from Sexual Exploitation and Sexual Abuse. Second Edition.

16 Making All Spaces Safe, UNFPA, 2021 Making all spaces safe.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

مەترسی و ڕێوشوێنی تایبەت بە تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە بە گوێرەی شوێن

بەڕێوەبەرانی کەیس و کارمەندانی هێڵی پێشەوە و لایەنەکانی پاراستن، کە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی تووندوتیژیی ئۆنلاین دەکەن، دەبێت دڵنیابنەوە لەوەی کە نیگەرانی و گرفتی ڕزگاربووان بەوردی ڕەچاوکراوە، لە هەمان کاتدا دەبێت ڕێبازی پشتبەستوو بە ماف و بەناوەندکردنی ڕزگاربوو پەیڕەو بکەن.

لە عێراق زۆرجار، تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە، مەترسیی زیاتر و جیاوازتر بە بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی تووندوتیژی دروست دەکەن. دەکرێت بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بێت و بە زەحمەت سنووردار بکرێت چونکە بابەتی خراپ مامەڵەکردن لەوانەیە تاهەتایە هەڵبگیرێت و بڵاو بکرێتەوە و تاوانکاران دەتوانن لە پەیوەندی و چاودێری و زۆرلێکردن، لە دوورەوە، بەردەوام بن. ڕەنگە ڕزگاربووان دووچاری فشاری سەخت و درێژکراوەی دەروونی بن، لە ژیانی ڕاستەقینە و ئۆنلاینیان دووچاری هەڕەشە ببنەوە، یان ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئاڵۆزی تایبەتمەندی و بەڵگە و سڕینەوەی بابەت ببنەوە. لەو کەیسانەی کە بابەتی نەشیاوی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵیان تێدایە، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ لە ئۆنلاین ئاماژەیەکی بەهێزە کە خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵەکە لە ژینگەی دەروەوش ڕووی داوە یان ڕوو دەدات - سەرئەنجام وەڵامی دەستبەجێی پاراستنی منداڵ پێویستە.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەم مەترسییە زۆرانە ئاڵۆزتر دەبن بەهۆی تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییە ڕەگداکوتاوەکان و تووندوتیژی پشتڕاستکراوە «لەسەر بنەمای ئابڕوو». بەرکەوتن یان مەترسیی بەرکەوتن بە خراپ مامەڵەکردنی ئۆنلاین، ڕزگاربووان - بە تایبەتی ژنان و کچان - دەخاتە بەردەم مەترسیی زیانی دووهەمی لە ناو خێزان و کۆمەڵدا. دەکرێت ببێتە هۆی زەبری دەروونی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و سنووردارکردنی هاتوچۆ و بێبەشکردن لە پەروەردە و خزمەتگوزارییەکان و هەروەها هاوسەرگیریی زۆرەملێ و تووندوتیژیی جەستەیی و تەنانەت کوشتنیش. سەبارەت بە منداڵان، ئەم داینامیکانە لەوانەیە ڕێوشوێنی سزایی یان خۆپاراستنی توندی لێ بکەوێتەوە کە بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ تیادا ڕەچاو نەکراوە، یان مەترسیی تووندوتیژیی خێزانی زیاتر دەکات یاخود لەوانەیە ببنە هۆی بێبەشکردنی منداڵەکە لە خوێندن یان قەدەغەکردنی تەواوەتی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان یان خزمەتگوزارییە گرنگەکان لێیان.

ئەم فاکتەرانە زەحمەتیی زیاتر لەسەر پرسی بەڕێوەبردنی کەیس لە کاتی گونجاودا دروست دەکەن و مامەڵەکردن لەگەڵیان پێویستی بە دەستوەردانی هەماهەنگ هەیە کە ڕەچاوی نهێنیپارێزیی و گونجاوی بۆ ئەو هەلومەرجی شوێنەکە بکات و شکۆ و سەلامەتیی منداڵ و هەڵبژاردنی بەئاگا بکات بە کاری لەپێشینەی خۆی. ئاستەنگی زیاتر لە بەردەم ئەم هەوڵانەیە، بە تایبەتی چونکە بۆشایی لە چوارچێوەی یاساییدا هەیە چونکە دامەزراوەیەکی ڕاسپێردراوی حکوومی نییە کە بەڕێوەبردنی کەیس و لێکۆڵینەوەکردنی تاوانیی لەم جۆرە کەیسانەدا پێ سپێردرابێت و لایەنە پەیوندییدارەکان پڕۆتۆکۆڵی تایبەتیان نیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە نییە. ئەمەش مەترسیی درکاندنی ناسەلامەت و پێشێلکردنی نهێنیپارێزی و هەروەها وەڵامدانەوەی ناپابەند بە ڕێبازی پشتبەستوو بە ماف و بەناوەندکردنی ڕزگاربووی لێ دەکەوێتەوە.

ئەم بوارە سەرەکییانەی خوارەوە گوزارشت لەو تەوەرانە دەکەن کە ڕاهێنەران دەبێت سەرنجی قوڵتر و زانینی تایبەتمەند و کردەوەی گونجاویان تێدا جێبەجێ بکەن تاوەکو دڵنیا ببنەوە لە وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر و سەلامەت و بەناوەندکراوی ڕزگاربوو بۆ کەیسەکانی تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

بواره سەرەکییەکانی وەڵامدانەوە

پێویستە ڕاهێنراوان سەبارەت بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە سەرنجی وردبدەن بە مەترسییە جیاوازەکان و بەرکەوتنی بەردەوام و پێویستیی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکان، بە تایبەتی لەو بوارانەی خوارەوە:

- **خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیی دەروونداروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی:** تێشک خستنەسەر زەبری دەروونیی و دڵتەنگیی توند و درێژخایەن پەیوەندیدار بە زیانگەیاندن بە ناوبانگ و هەروەها کاریگەریی دەروونیی بەردەوام کە، لە ئەنجامی دووبارە بڵاوکردنەوەی بابەت و نەمانی جڵەو بەسەری و ترسی ئاشکرابوون و بەقوربانیبوونەوە، دێنە کایەوە.

- **پلاندانانی سەلامەتیی جەستەیی و دیجیتاڵی:** پاراستنی ڕزگاربووان لە هەڕەشە ئەلیکترۆنی و نائەلیکترۆنییەکان لە ڕێی هەڵسەنگاندن و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەیوەست بە پەیوەندیکردن و چاودێریکردن و تۆڵەکردنەوەی تاوانکارەوە و هەروەها زیانی گرینمانەکراوی هاتوو لە خێزان یان کۆمەڵگەوە.

- **بەڕێوەبردنی مەترسییە دیجیتاڵییەکان و لابردنی سەلامەتییانەی ناوەڕۆکی زیانبەخش:** بڕەودان بە هۆشیاری دیجیتاڵی ڕزگاربوو، دەستنیشانکردن و زاڵبوون بەسەر هەڕەشە بەردەوامەکان، پاڵپشتیکردن لە هەڵگرتنی سەلامەتییانەی بەڵگەنامەی دیجیتاڵی ئەگەر گونجاوبوو و هەروەها ئاسانکاریکردن بۆ ڕیپۆرتکردن و سڕینەوەی ناوەڕۆکە نەشیاوەکان.

- **هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و دابینکەرانی خزمەتگوزاریی پاراستن:** پاڵپشتیکردن لە ڕزگاربووان تا بە سەلامەتی بگەن بە لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و لایەنەکانی دیکە و سوود وەربگرن لە خزمەتگوزارییەکان وبە شێوەیەک کە نەێنییاریزی و مافەکانی ڕزگاربوو و بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی زیان، ببێت بە کاری لەپێشینەیان.

ئەم ڕێبەرە یارمەتیی ڕاهێنراوان دەدات کە:

- **لە گرفتەکە تێ بگەن (گرفت):** تێگەیشتنی ڕوون لە نیگەرانی و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕزگاربوو
- **دەستنیشانکردنی کردار (کردار):** دیاریکردنی هەنگاوی گونجاو بۆ پاڵپشتیی هەنووکەیی و بەردەوام
- **بەکارهێنانی ئامرازەکان (ئامرازەکان):** هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و میکانیزمە پێشنیازکراوەکان کە بۆ ڕزگاربووان شیاون
- **هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکان (لایەنەکان):** دەستنیشانکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوە و دابینکەری خزمەتگوزاریی گونجاو

تێبینی: کەیسەکانی پەیوەست بە منداڵ (خوار ١٨ ساڵ) پێویستە بە گوێرەی ڕێوشوێنی پاراستنی منداڵ و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. هەندێک بنەمای توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە دەکرێت پەیوەندیدار بن، بەڵام دەبێت لەگەڵ ڕێوشوێنی پەیوەست بە منداڵەوە بگونجێندرێن.

پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس

پێویستە کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی لە ڕێی سیستەمی تۆکمەی بەڕێوەبردنی کەیس مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هاوکات پێویستە ڕێرەوەکانی ڕەوانەکردن بەڕوونی دیاربیکرێن و لەگەڵ ڕێکارە پێوەرەییەکانی کاربەجێگەیاندن بۆ پرسی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵ، تەریب بن. ئەم چوارچێوانە گرنگن بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان پاڵپشتیی خێرا و ئاستبەرز و هاوبەشیان لەلایەن دابینکەری گونجاوی خزمەتگوزاری پێ دەگات. جێکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی لە ناو پێکهاتەکانی وەڵامدانەوەی ئێستای توندوتیژی بەرانبەر منداڵ و لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، بەردەوامبوونی چاودێری بەهێز دەکات و بڕەو بە جێبەجێکردنی یەکئاوازی بنەماکانی بەناوەندکردنی ڕزگاربوو و منداڵ دەدات و هەروەها وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر و گشتگیر بۆ گشت جۆرەکانی توندوتیژی دەستەبەر دەکات.

پێویستە دابینکەرانی خزمەتگوزاری و لایەنەکانی پاراستن پێداویستییەکان دەستنیشان بکەن و هەڵبسەنگێنن و بیانکەن بە کاری لەپێشینە: خزمەتگوزاریی دەروونەندروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی، تەندروستی، یاسایی، پاراستن، سەلامەتیی دیجیتاڵی، شێڵتەر یان پاراستنی منداڵ. پێویستە هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی پلانی چاودێریدا بن. پێویستە دابینکەرانی خزمەتگوزاری ڕەوانەکردنی سەلامەت و نهێنیپارێز ئەنجام بدەن، پاڵپشتی لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تایبەتمەند و ناتایبەتمەند بدەن، ئەمەش لە ڕێی ڕەزامەندیی بەئاگا، ڕێرەوی ڕەوانەکردنی سەلامەت و هەروەها هەماهەنگی و بەدواداچوون.

خزمەتگوزارییەکانی دەرووندروستی و پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی

گرفت

توندوتیژیی ئەلیکترۆنی زیانێکی قوڵ و درێژخایەن لەسەر ئاسوودەیی دەروونی و سۆزەکی و کۆمەڵایەتیی ڕزگاربووە منداڵ و پێگەیشتووان دروست دەکات. ناوەڕۆکی خراپ مامەڵەکردن هەڵدەگیرێت و دووبارە بڵاو دەکرێتەوە و بەردەوام بەردەستە، بۆیە ئەمە هەستی ورەبەردان و دووبارە قوربانیبوونەوە دروست دەکات. لەوانەیە ڕزگاربووان دووچاری دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و گرێی دوای زەبری دەروونی و بیرکردنەوەی خۆکوژی و زیانگەیاندن بە خود و خەوزڕان و شەکەتی، ببنەوە. لە لایەکی دیکەوە ترسی ئاشکرابوون و ناوزڕان و پەڵەی کۆمەڵایەتی و ئەگەری کاردانەوەی خێزانی و کۆمەڵایەتی هەیە. منداڵان ڕەنگە هەست بە شەرمەزاری و خۆ سەرزەنشتکردن و هەروەها گۆڕانی ڕەفتار و دەستهەڵگرتن لە خوێندن یان چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و وابەستەبوونی زیاتر یان گوشاری ئەگەری کاردانەوەی باوان ببنەوە.

تێبینی: سەبارەت بە کەیسەکانی منداڵان، دەبێت تەواوی دەستوەردانەکان پابەندی پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ و بەڕێوەبردنی کەس بین و هەروەها بنەمای باڵاترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ پەیڕەو بکەن و دڵنیایی لە دەستڕاگەیشتن بە پاڵپشتیی تایبەتمەندیی دەرووندروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی.

کردارەکان

دەستوەردانەکانی پاڵپشتیی دەروونیدروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی:

هەڵسەنگاندنی سەلامەتیی ڕزگاربوو و مەترسییە هەنووکەییەکان: نیگەرانییە هەنووکەییەکانی سەلامەتی هەڵبسەنگێنە، لە نێوانیاندا مەترسیی بەردەوامبوون لە ئۆنڵاین و بەرکەوتن بە تاوانکار و زیانی خێزان یان کۆمەڵگە و هەروەها زیانگەیاندن بە خود یان خۆکوشتن.

دابینکردنی فریاگوزاریی دەروونیی سەرەتایی: پاڵپشتیی دەمودەست و بەناوەندکراوی ڕزگاربوو بگەیەنە بە مەبەستی کەمکردنەوەی دڵگوشران و بڕەودان بە ستراتیژییەکانی هەڵکردن و گەڕاندنەوەی هەستی جڵەوگرتن و سەلامەتی.

هەڵسەنگاندنی پێویستییە بەردەوامەکانی پاڵپشتیی دەروونیدروستی و دەروونی-کۆمەڵایەتی: سروشت و سەختیی کاریگەرییە دەروونییەکان و تۆڕی پاڵپشتیی ئێستای ڕزگاربوو و پێویستیی چاودێریی دەروونیدروستیی تایبەتمەند و ڕەوانەکردن، هەڵبسەنگێنە.

دڵنیایی لە ڕەوانەکردنی بەپەلە بۆ کەیسە پڕ مەترسییەکان: هەر کاتێک هەستت بە مەترسیی دەمودەستی زیانگەیاندن بە خۆ و خۆکوشتن و دارمانی دەروونی یان زانیت هەڕەشە لەسەر سەلامەتیی ڕزگاربووەکە هەیە، ئەوا ڕاستەوخۆ کار لەسەر ڕەوانەکردنی خێرا بۆ خزمەتگوزارییەکانی دەروونیدروستی، لەسەر بنەمای ڕێوشوێنەکانی کاربەجێگەیاندن، بکە.

لایەنەکان

پەیوەندی بە گرووپی کاری توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، گرووپی هەماهەنگی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، یان گرووپە هاوبەشەکانی پاراستن و یەکە هاوبەشییەکانی دیکە بکە بۆ دەستگەیشتن بە دواپین زانیاری لەسەر نەخشەسازیی خزمەتگوزارییەکان و دابینکەرە تایبەتمەندەکانی دەروونی-کۆمەڵایەتی و دەروونیدروستی و هەروەها ڕێڕەوەکانی ڕەوانەکردنی سەلامەت.

سەلامەتی جەستەیی/پاراستن

گرفت

بەهۆی سروشتە پارێزخوازییەکەی کۆمەڵگەوە، کەیسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە ڕووبەڕوی مەترسی دەبنەوە نەک تەنیا لە ڕێی تاوانکارەوە، بەڵکو لەوانەیە خێزان و کۆمەڵگەش کاردانەوەیان هەبێت. بڵاوکردنەوەی نائارەزوومەندانە یان هەڕەشە بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە یان نامە و دەنگی هەستیار لەوانەیە وەک شەرمەزارییەک بۆ سەر خێزان لێک بدرێتەوە، بەمەش ڕزگاربووان - بە تایبەتی ژنان و کچان - دەکەونە ژێر مەترسی سەرزەنشتکردن و هەڕەشە و زیانی جەستەیی و بەندکردن لە ماڵ یان توندوتیژی لەسەر بنەمای ئابڕوو لەلایەن خزم و ناسیاوەکانەوە. سەرئەنجام، لەوانەیە خراپ مامەڵەکردنی ئۆنڵاین بە خێرایی پەل بکێشێت بۆ زیانێک کە مەترسی لەسەر ژیان دروست دەکات.

ئەم مەترسییانە زۆرجار بڵەزن و پێویستییان بە پلانی نهێنیپارێز و بەناوەندکراوی ڕزگاربوو هەیە کە ڕەچاوی نهێنیپارێزی بکرێت و ئەگەری درکاندنی ناسەلامەت کەم بکاتەوە. لەوانەیە نیگەرانیی سەلامەتی، ئازادیی هاتوچۆی ڕزگاربوو و دەستگەیشتنی بە خزمەتگوزاری و ئامێرەکان و پەروەردە و ئینتەرنێت سنووردار بکات.

سەبارەت بە منداڵان، درکاندنی خراپ مامەڵەکردنی ئۆنڵاین لەوانەیە سزا یان ڕێوشوێنی پارێزگاری بەدوادا بێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵ یەک نەگرنەوە و مەترسیی توندوتیژیی خێزانی یان دەستهەڵگرتن لە خوێندن و خزمەتگوزارییە گرنگەکانیان لێ بکەوێتەوە.

تێبینی: بۆ ئەو کەیسانەی منداڵیان تێدایە، پێویستە تەواوی دەستوەردانەکان بۆ پلانی سەلامەتی و پاراستن پەیڕەوی لە پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ بکەن.

کردارەکان

بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ سەلامەتی جەستەیی، پلانی گشتگیری سەلامەتی و هەڵسەنگاندنی مەترسی جێبەجێ بکە.

هەڵسەنگاندنی مەترسییە هەنووکەییەکان: بڕیار بدە کە ئایا ڕزگاربوو لە ژێر هەڕەشەی هەنووکەیی تاوانکار یان خێزان یان ئەندامانی کۆمەڵگەکەیدایە و هاوکات پێداویستییە بەپەلەکانی پاراستن دەستنیشان بکە.

مەترسییەکانی پاراستن دەستنیشان و شرۆڤە بکە: هەڵسەنگاندن بۆ جۆر و سەرچاوە و ئەگەری زیانەکان بکە، لە نێوانیاندا مەترسییەکانی:

- تۆڵەسەندنەوەی خێزان یان کۆمەڵگە وەک تۆندوتیژی لەسەر بنەمای «ئابڕوو»
- هەڕەشە و تۆقاندن و چاودێری لەلایەن تاوانکارەوە
- بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسی
- خراپ بەکارهێنان و زۆرلێکردنی دارایی
- سنووردارکردنی هاتوچۆ و پەیوەندی و خوێندن و بەکارهێنانی ئامێرەکان

بڕیار لە ئاستی مەترسی بدە و گرنگی بە کردار بدە: مەترسییەکان پۆلێن بکە بەپێی تووندی و بەپەلەییان تا ڕێوشوێن و ڕەوانەکردن و بەدواداچوونی دەمودەستیان بەدوادا بێت.

سەرچاوەکانی هەڕەشەکە دەستنیشان بکە: ڕوونی بکەوە کە کێ سەرچاوەی مەترسییە (تاوانکار، هاوسەر، ئەندامی خێزان، ئەندامی کۆمەڵگە، تۆڕە ئۆنڵاینەکان) تا کۆمەکی بە بە پلانێکی سەلامەتیی ورد و واقعبینانە بکەیت.

پلانی سەلامەتیی بەناوەندکراوی ڕزگاربوو پەرە پێ بدە و جێبەجێی بکە: ستراتیژیی نهێنیپارێز و کردەیی بە هاوبەشی دروست بکە و لەم بارەیەوە پشت بە ژینگە و بژاردە و پاڵپشتییە بەردەستەکانی ڕزگاربوو ببەستە، لە نێوانیاندا بژاردەی چوونە شێڵتەر و شێوازی پەیوەندیکردنی نهێنی و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی سەلامەت و ڕێوشوێنی سەلامەتیی دیجیتاڵی.

ڕەوانەکردنی بەپەلە بۆ کەیسە مەترسیدارەکان کارا بکە: ئەگەر مەترسیی توندوتیژی مەترسیدار و بکوژانە هەبوو، ئەوا بە گوێرەی ڕێکارە پێوانەییەکانی کاربەجێگەیاندن دەستبەجێ ڕێڕەوەکانی کاربەجێگەیاندن کارا بکە. دەتوانیت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا بە مەبەستی دابینکردنی شێڵتەر کەیسەکان ڕەوانە بکەیت.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

مەترسییەکان هەڵبسەنگێنە

١) خراپ بەکارهێنانی دارایی: بەکارهێنانی ئینتەرنێت و جۆرەکانی دیکەی تەکنەلۆژیا بۆ فشاری دارایی لەسەر ئامانجێک

٢) خراپ بەکارهێنانی جەستەیی: هەر جۆرێکی زیانی جەستەیی یان هەڕەشە لەسەر سەلامەتی کەسێک

٣) توندوتیژی لەسەر بنەمای ئابڕوو: توندوتیژی ئەنجامدراو بە نیازی گێرانەوەی ئابڕووی کەسێک یان ئابڕووی خێزان و تیرە و هۆز

٤) گێچەڵی گشتی: ئاشکراکردنی نائارەزوومەندانەی زانیاریی کەسی کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی تایبەتی و کەسی و هەستیاری لەخۆ بگرێت

٥) زیانی سۆزەکی:
لەوانەیە ڕزگاربووان هەست بە پەراوێزخستن و بێدەرەتانی و ترس و شەرمەزاری و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و بێکەسی بکەن، بە تایبەتی ئەگەر کۆمەڵگەکەیان سەرزەنشتیان بکەن یان زیانەکەیان بە کەم سەیر بکەن. لە هەندێک حاڵەتدا، دەبێتە خۆی زەبری دەروونی، زیانگەیاندن بە خود یان خۆکوشتن

ئاستی مەترسی هەڵبسەنگێنە

هەڵسەنگاندنی ئاستی مەترسییەکە بۆ دیاریکردنی کردارەکان گرنگە. دەکرێت مەترسییەکان بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

١) مەترسیی بەرز: هەڕەشەی دەستبەجێ و ڕژد لەسەر سەلامەتی ڕزگاربوو، لە نێوانیاندا مەترسیی توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ئابڕوو و زیانگەیاندن بەخود/خۆکوشتن و هەڕەشەی توند یان هەڕەشەی پشتڕاستکراوە لەلایەن تاوانکار یان خێزان کۆمەڵگەوە؛ پێویستی بە کرداری بەپەلە (لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر) و ڕێوشوێنی سەلامەتیی دەستبەجێ هەیە.

٢) مەترسیی ماماوەند: هەڕەشەی بەردەوام و ڕوو لە تەشەنەکردن کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیان ئەگەر چارەسەر نەکرێت. دەکرێت گێچەڵی بەردەوام و هەڕەشەی ئۆنڵاینی بێ زیانی جەستەیی و فشاری چڕی خێزان یان ئاشکرابوونی ناوەڕۆکی هەستیار لەخۆ بگرن؛ پێویستی بە دەستوەردان لە کاتی خۆیدا و پلانی سەلامەتیی کارا هەیە (لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا).

٣) مەترسیی ئاسایی: مەترسییەکی شێنەیی کە دەمودەست زیانی جەستەیی بەدوادا نێت و هەڕەشەکان هەر گێچەڵی ئۆنڵاین یان ناوەڕۆکی بێ زیان بێت. پێویستی بە چاودێری و پلانی سەلامەتی بنەڕەتی و بەدواداچوونە لە چوارچێوەی کاتی تەرخانکراو بۆ بەڕێوەبردنی کەیس

سەرچاوەکانی مەترسی دەستنیشان بکە

دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی مەترسی بۆ پەرەپێدانی دەستوەردانی ئامانجدار، گرنگە. مەترسییەکان لەوانەیە لە سێ سەرچاوە بێن:

١) خێزان: لەوانەیە ئەندامانی خێزان مەترسی دروست بکەن یان فراوانی بکەن، دەشکرێت کەمی بکەنەوە.

٢) تاوانکار: ئەو کەسانەی کردەوەی خراپ مامەڵەکردن و خراپ بەکارهێنان ئەنجام دەدەن و مەترسیی ڕاستەوخۆیان بەسەر سەلامەتیی ڕزگاربووەوە هەیە.

٣) کۆمەڵگە: لەوانەیە کۆمەڵگەکان مەترسی دروست بکەن لە ڕێی قبوولکردن یان چاوپۆشیکردن لە ڕەفتاری زیانبەخش و پاڵپشتیکردنی خراپ مامەڵەکار یان سەرزەنشتکردن و پەراوێزخستنی ڕزگاربووەکان. دەکرێت شەرمەزارکردنی ئۆنڵاین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی کەسی بێت یان بێدەنگی کاتێک خراپ مامەڵەکردن ڕوو دەدات.

لایەنەکان

پەیوەندی بە گرووپی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، گرووپی هەماهەنگیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، یان گرووپە هاوبەشەکانی پاراستن و یەکە هاوبەشییەکانی دیکە بکە بۆ دەستگەیشتن بە دواپین زانیاری لەسەر نەخشەسازیی خزمەتگوزارییەکان.

مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییە دیجیتاڵییەکان و لابردنی سەلامەتی ناوەڕۆکی زیانبەخش

گرفت

زۆرجار ڕزگاربووانی تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە دووچاری زیانی بەردەوام دەبنەوە، ئەمەش چونکە بابەتە زیانبەخشەکان بەردەوام بڵاو دەکرێنەوە و ئاسان دەست پێی دەگات بۆ هەڕەشەکردن و زۆرلێکردن یان تۆڵەسەندنەوە. بەردەستبوونی بەردەوامی بابەتەکان گوشاری دەروونی زیاد دەکات و مەترسیی تووندوتیژیی خێزانی و کۆمەڵگەیی زیاتر دەکات. بۆیە سڕینەوەی (لابردن) سەلامەت و بەپەلەی بابەتی زیانبەخش پێویستییەکی گرنگی پاراستنە.

زۆربەی ڕزگاربووان ئاگەداری میکانیزمەکانی هەواڵدان و تۆمارکردنی سکاڵا نین کە بەردەستن، نازانن چۆن داوای لابردنی بابەت بکەن یان ترسیان لە تەشەنەسەندنی خراپ مامەڵەکردن هەیە ئەگەر ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا بێت. هەندێکیشیان ناتوانن بە سەلامەتی دەستیان بگات بە مۆبایل و ئینتەرنێتی تایبەت، لە لایەکی دیکەشەوە هۆشیاری دیجیتاڵییان نییە بۆ پاراستنی هەژمار و زانیارییە کەسییەکانیان.

بە بێ زانیاری ڕاست و دروست، لەوانەیە ڕاهێنراوان بە بێ مەبەست ببنە هۆی زیادبوونی مەترسییەکان یان هەرەس بێنن لە پشتگیری ڕزگاربووان لە پاراستنی بەڵگە گرنگەکان یان هەنگاوە گرنگەکان ڕەچاو نەکەن کە دەبنە هۆی بەرگرتن بە زیانی زیاتر. بۆیە دەبێت دەستوەردانەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیا بە وریاییەوە لە ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی کەیس و پلاندانانی سەلامەت جێبان بکرێتەوە.

تێبینی: بۆ ئەو کەیسانەی منداڵیان تێدایە، پێویستە پاڵپشتییەکان بە گوێرەی ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکانی پاراستنی منداڵ دابین بکرێن و هەروەها میکانیزمی تایبەت بە منداڵ بگیرێتەبەر بۆ لابردنی وێنە و ڤیدیۆی سێکسی.

کردارەکان

تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی کەیسەکانی تووندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە و خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە بەڕێوە دەبن دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەو ئامراز و پلاتفۆرمانە ئاشنا بکەن کە لەم ڕێبەردا هاتوون و پاڵپشتی لە ڕزگاربووان بکەن بۆ سڕینەوە و لابردنی بابەتی زیانبەخش..

١. هەڵسەنگاندن بۆ مەترسییە دیجیتاڵییەکان بکە

- جۆری زیانە ئۆنڵاینەکە دیاریبکە (بۆ نموونە، هەڕەشەی سێکسی، شوێنکەوتنی ئەلیکترۆنی، وێنە و ڤیدیۆی ساختە، بەکارهێنانی ناسنامەی کەسێکی دیکە)
- هەڵیسەنگێنە کە ئایا تاوانکار هێشتا دەستی دەگات بە هەژمار و ئامێر و شوێنی ڕزگاربووەکە
- دیاریبکە کە ئایا هەوڵدان بۆ لابردنی بابەتەکە یان هەواڵدان مەترسییەکان زیاد دەکەن یان نا
- نیگەرانییەکانی سەلامەتییجەستەیی هەڵبسەنگێنە بەر لەوەی هیچ کردارێک ئەنجام بدەیت

٢. پشتگیری ڕزگاربووان لە پاراستنی بەڵگەکان (ئەگەر شیاو و سەلامەت بوو)

- ڕزگاربووان ئاگادار بکەوە سەبارەت بە میکانیزمە بەردەستەکانی وەڵامدانەوە و ڕیپۆرتکردن، بۆ نموونە وەک ئەوانەی لە نێو سەکۆکە خۆی بەردەستن، یان مااڵپەڕی تایبەت بەمەوە، یاخود پڕۆسەی یاسایی پەیوەندیدار.
- ئەگەر ڕزگاربوو بڕیاری دا ڕیپۆرتی بکات یان سکاڵای یاسایی خۆی تۆمار بکات، ئەوا تەنها لەگەڵ ڕەزامەندی (ڕەزامەندی و پەسەندکردن لە لایەن چاودێری یاساییەوە ئەگەر کەسەکە لە خوار ١٨ ساڵ بوو)، ئەو کاتە هەڵسەنگاندن ئەنجام بدە ئاخۆ سکرین شۆت و بەستەر و نازناو و کات و ناونیشانەکان بە شێوەیەکی سەلامەت تۆمار بکرێن یان نا لە لایەن ڕزگاربووەوە، لەگەڵ پێدانی ڕێنوێنی بۆ ئەنجامدانی ئەمە.
- نابێت ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەڵگە کۆ بکەنەوە و هەڵیگرن، مەگەر لە حاڵەت نائاسایی نەبێت کە زانیاری و کەرەستەکان خۆڕیسکانە پێشکەش بکرێت و گرنگ بوون بۆ سەلامەتی و ئاسایشی ڕزگاربووەکە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو چاودێر یان ئەندامێکی خێزانی منداڵەکە ئەنجامدەری تاوانەکە بوو.
- پشتگیری ڕزگاربووان بکە بە پێدانی ڕێنمایی لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی میکانیزمی وەڵامدانەوە یان ڕیپۆرتکردن کە پێیان باشە. نابێت ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ناوی ڕزگاربووەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن.
- بابەتی نایاسایی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵان هەڵمەگرە و ئەرشیفیان مەکە؛ پابەندی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی منداڵ بە.

٣. پلانی سەلامەتی دیجیتاڵی بە گوێرەی کەیس پەرە پێ بدە

پلانی سەلامەتی دیجیتاڵی بە گوێرەی کەیس پەرە پێ بدە

- گوێرینی پاسوورد و کاراکردنی ناسینەوەی دوو هەنگاوە (two-factor authentication)
- چاوخشاندنەوە و بەهێزکردنی بژاردەکانی تایبەتمەندی لەسەر سەکۆکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و پەیامناردن

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

- سەیری ئامێرەکان بکە و بەدوای بەرنامە و بژاردەی گوماناوی بگەڕێ
- ئەگەر پێویست بوو (لۆکەیشن) بکوژێنەوە
- ئەگەر سەلامەت بوو، تاوانکار بلۆک بکە یان گفتوگۆی لەگەڵ سنووردار بکە

٤. پشتگیریی ڕزگاربووان بکە لە لابردن یان ڕیپۆرتکردنی بابەتی زیانبەخش (بە ڕەزامەندیی بەناگا)

- باسی سوود و مەترسییەکانی هەواڵدان بکە.
- سەکۆی هەواڵدانی گونجاو بەکار بهێنە یان هانا بۆ هاوبەشی متمانەپێکراو بەرە ئەگەر بەردەست بوو.
◊ بۆ ڕزگاربووی پێگەیشتوو کە ئەزموونی خراپ مامەڵەکردنی سێکسی لە ڕێی وێنەوە کردووە، ئامرازی وەک StopNCII بەکار بهێنە.
◊ بۆ کەیسەکانی منداڵان، میکانیزمەکانی وەک Take It Down کە تایبەتن بە منداڵ، بەکار بهێنە بەڵام ڕەچاوی پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ بکە.
- دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربوو لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان دەگات، لە نێوانیاندا دواکەوتن یان تۆڵەکردنەوە.

٥. ئەگەر پێویست بوو کەیسەکە ڕەوانەی لایەنی تایبەتمەند بکە

- ئەگەر بەڕێوەبەری کەیس نەیتوانی لە ئاڵۆزیی تەکنیکیی کەیسەکە تێ بگات، ئەوا پێویستە بۆ ڕێکخراوی متمانەپێکراوی سەلامەتیی دیجیتاڵی یان یەکەی تایبەتمەندی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان ڕەوانەی بکرێت.
- لەگەڵ لایەنەکانی پاراستن هەماهەنگی بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کرداری دیجیتاڵییەکان زیان بە پلانی سەلامەتی جەستەیی ناگەیەنن.

٦. دڵنیایی بدە لەوەی نهێنییەکانی ڕزگاربوو پارێزراوە و هەروەها خۆی بڕیار لە بارەی خۆیەوە دەدات

- تەواوی کرداری دیجیتاڵییەکان دەبێت لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی بەئاگا بێت.
- پێویستە ڕزگاربووان لە دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بگەن، لە نێوانیاندا تۆڵەسەندنەوە یان دواکەوتنی سڕینەوە.
- بە درێژایی پرۆسەکە نهێنیپارێز بە.

تێبینی: ڕێوشوێنەکانی سەلامەتیی دیجیتاڵی نابێت شوێنی پلانی پاراستنی فراوان بگرنەوە بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی پاڵپشتیی دەروونداروستی، پلانی سەلامەتیی جەستەیی و وەڵامدانەوەی یاسایی شوێنیان بکرێتەوە تا دڵنیایی لە وەڵامی هاوبەش و گشتگیر بدرێت.

ئامرازەکان

ئەم ئامرازانە لەسەر تەواوی سەکۆکان کار دەکەن بۆ ڕیپۆرتکردن و لابردنی ناوەڕۆکی زیانبەخش. پێویستە ڕاهێنراوان، وەک بەشێک لە بەڕێوەبردنی کەیس و پلانی سەلامەتی، ئاشنا بن بەوەی کەی و چۆن بەکاریان دەهێنن.

StopNCII و **Take It Down** هەردووکیان ئامرازی بەخۆڕایین بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری وێنەی سێکسیی لە ئۆنڵاین لە ڕێی دروستکردنی شوێنپێیەکی دیجیتاڵی کە یارمەتی سەکۆیە بەشدارووەکان دەدات لە ناسینەوە و بلۆککردنی بابەتەکە بەر لەوەی دووبارە دابنرێتەوە. هەردووکیان لەسەر سەکۆیە سەرەکییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکات و تایبەتمەندیی ڕزگاربوو دەپارێزن. پێویستە ڕاهێنراوان بە گوێرەی تەمەنی ڕزگاربووەکە دانەیەکیان هەڵبژێرن و، سەبارەت بە کەیسەکانی منداڵان، دڵنیابنەوە لەوەی پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ پەیڕەوییان لێ دەکرێت.

- **StopNCII** بۆ ڕزگاربووە گەورەسالەکان بەکار دێت (١٨ بە سەرەوە)
- **Take It Down** لەلایەن ناوەندی نیشتیمانی بۆ منداڵانی ونبوو و خراپ بەکارهێنراو بەڕێوە دەبرێت و تایبەتە بە منداڵ و هەرزەکارانی خوار ١٨ ساڵ و پەیوەست کراوە بە میکانیزمەکانی پاراستنی منداڵ.

دەزگای ئەنسەم (INSM) و **تەکنەلۆژیا بۆ ئاشتی (Tech4Peace T4P)** دوو هاوبەشی متمانەپێکراوی ڕیپۆرتکردنن لە عێراق کە کەیسەکانی تووندوتیژیی ئۆنڵاین ڕاستەوخۆ بۆ سەکۆیە سەرەکییەکانی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک و گووگڵ بەرز دەکەنەوە. بە پێچەوانەی StopNCII و Take It Down کە بە گشتی سەرنجیان لەسەر ڕێگریکردن لە دووبارە بڵاوبوونەوەی وێنەی سێکسییە، ئەم دوو ئامرازە مامەڵە لەگەڵ چەند زیانێکی دیکەی ئۆنڵاین دەکەن، لە نێوانیاندا گێجەڵ و هەڕەشە و دزینی ناسنامە و ناوەڕۆکی زیانبەخش. ئەوان یارمەتی گەیاندنی نیگەرانییەکە دەدەن بۆ سەکۆیەکان، کاتێک ناوەڕۆکەکە لە چەند سەکۆیەکە دەبینرێت یان کاتێک بژاردەی ڕیپۆرتکردن لە سەکۆیەکان ئەنجامێکی دەستبەجێی نەبوو.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

StopNCII ئامرازێکی بەخۆڕاییە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووانی سەروو ١٨ ساڵی خراپ مامەڵەکردن لە ڕێگەی وێنە. ئەوان شوێنپێیەکی دیجیتاڵی بۆ وێنە یان ڤیدیۆیەک لە ڕێگەی (هاش)ەوە دروست دەکەن تا دڵنیایی بدەن لە دووبارە بڵاوبوونەکردنەوەی بابەتەکە.

بەستەر: https://stopncii.org
چۆن ڕیپۆرت بکەیت:
هەنگاوی ١: بڕۆ بۆ stopncii.org
هەنگاوی ٢: کرتە لەسەر «Create Your Case - کەیسەکەت دروست بکە» بکە
هەنگاوی ٣: وەڵامی پرسیارەکان بدەوە
هەنگاوی ٤: ئەو وێنە/ڤیدیۆیە لە ناو ئامێرەکەت هەڵبژێرە کە دەتەوێت بیپارێزیت
هەنگاوی ٥: : StopNCII شوێنپێیەکی ئەلیکترۆنی دروست دەکات کە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی وێنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات
هەنگاوی ٦: گرنگە کە ژمارەی کەیس و ژمارەی PINەکە هەڵبگریت تا بەدواداچوون بۆ کەیسەکەت بکەیت و بزانیت گەیشتووەتە کوێ.

Take It Down ئامرازێکی بەخۆڕاییە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە ڕزگاربووی بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆن لە ئۆنڵاین. یارمەتی لابردنی ناوەڕۆک و زیاتر بڵاوبوونەکردنەوەی دەدەدات تەریب لەگەڵ میکانیزمەکانی پاراستنی منداڵ. ئەم ئامرازە لەلایەن ناوەندی نیشتیمانی بۆ منداڵانی ونبوو و خراپ بەکارهێنراو دابین کراوە.

بەستەر: https://takeitdown.ncmec.org
چۆن ڕیپۆرت بکەیت:
هەنگاوی ١: بڕۆ بۆ https://takeitdown.ncmec.org
هەنگاوی ٢: کرتە لەسەر "Get Started" بکە
هەنگاوی ٣: وەڵامی پرسیارەکان بدەوە
هەنگاوی ٤: وێنە/ڤیدیۆیەکە دابنێ یان بەستەرەکەی دابنێ
هەنگاوی ٥: Take It Down دەست بە سڕینەوەی ناوەڕۆکەکە دەکات و ڕێبەری بەداداچوون دابین دەکات.
هەنگاوی ٦: ژمارەی کەیسەکەت هەڵبگرە و هەر ڕێنماییەکت بۆ خزمەتگوزاریی پاراستنی منداڵ پێ درا جێبەجێی بکە

دەزگای ئەنسەم INSM سەکۆیەکی متمانەپێکراوە لە عێراق بۆ ڕیپۆرتکردنی توندوتیژیی ئۆنڵاین. هاوبەشییان لەگەڵ سەکۆیەکانی وەک فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک هەیە، ئەمەش وا دەکات خێراتر وەڵامی بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی زیانبەخش بدەنەوە.

پەیوەندی: WhatsApp: +٩٦٤ ٧٨٣ ٥٨٨ ٢٢٤٤ یان ئیمێڵ: report@insm-iq.org
چۆن ڕیپۆرتی بکەیت:
هەنگاوی ١: نامەیەکیان لە واتسئاپەوە بۆ بنێرە یان بە ئیمێڵ بۆ (مێزی یارمەتیی فریاگوزاریی دیجیتاڵی) ئاگاداریان بکەوە
هەنگاوی ٢: وردەکاری و بەڵگە بخە ڕوو (سکرینشۆت و بەستەر و هتد.)
هەنگاوی ٣: ڕیپۆرتەکە بنێرە

Tech4Peace تەکنەلۆژیا بۆ ئاشتی سەکۆیەکی سەلامەت و نهێنییارێزە بۆ ڕیپۆرتکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژیی ئۆنڵاین لە عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها هاوبەشێکی متمانەپێکراوی تیکتۆک و فەیسبووک و گووگڵ و ئینستاگرامە، واتە کاتێک کەیسێک ڕەوانە دەکەن بۆیان زووتر وەڵام وەردەگرن

بەستەر: https://t4p.co/
چۆن ڕیپۆرتی بکەیت:
هەنگاوی ١: بەرنامەی Tech٤Peace دابەزێنە
هەنگاوی ٢: کرتە لەسەر ئەو تووڵەی سووچی ڕاستی سەرەوەی سکرینەکەت بکە بۆ هەڵبژاردانی زمانی خوازراو
هەنگاوی ٣: کرتە لەسەر دوگمەی وێنەکە بکە کە لە بەشی خوارەوەی ناوەڕاستی پەڕەکەیە
هەنگاوی ٤ کرتە لەسەر: « فۆرمی ڕیپۆرتکردن - Report Form» بکە
هەنگاوی ٥: باشترین بژاردە سەبارەت بەوە دەتەوێت ڕیپۆرتی بکەیت هەڵبژێرە
هەنگاوی ٦: شوێن ڕێنوێنییەکان بکەوە تا ڕیپۆرتەکە دەنێریت

تێبینی: ڕەنگە ئەم سەکۆیە داوای سکرینشۆتت لێ بکات بۆ بەهێزکردنی کەیسەکەت.

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

لایەنەکان

پلاتفۆرمە گەورەکانی وەک واتسئاپ و فەیسبووک و تیکتۆک و ئینستاگرام و سناپچات و X ئامرازەکانی ڕیپۆرتکردن و بلۆککردنیان هەیە، کە ڕێگە دەدات بە بەکارهێنەران ناوەڕۆکی زیانبەخش، گێچەڵ، هەڕەشە یان خراپ مامەڵەکردن لە ڕێی وێنە ڕیپۆرت بکەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناو بەرنامەکاندا. ئەم میکانیزمانە زۆرجار یەکەم هەنگاون بۆ داواکاریی سڕینەوەی ناوەڕۆک یان سنووردارکردنی پەیوەندی لەگەڵ تاوانکارەکە. ڕاهێنراوان دەتوانن پشتگیری لە قوربانیان بکەن لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە کاتێک زانیان سەلامەتە، بەڵام دەبێت سەرەتا دڵنیابن لە پاراستنی بەڵگەکان و پێشوەختە هەڵسەنگاندن بۆ مەترسییەکانی کاردانەوە (تۆڵەسەندنەوە) بکەن.

فەیسبووک:

هەنگاوی ١: بچۆ بۆ ئەو پۆستەی دەتەوێت ڕیپۆرتی بکەیت
هەنگاوی : کرتە بکە لەسەر سێ خاڵەکە لە تەنیشت پۆستەکە
هەنگاوی ٣: کرتە بکە لەسەر «Report post»
هەنگاوی ٤: لە هەڵبژاردەکاندا ئەوە هەڵبژێرە کە لە کێشەکەت نزیکە

ئینستاگرام:

هەنگاوی ١: کرتە بکە لەسەر سێ خاڵەکە لە گۆشەی سەرەوەی ڕاستی پۆستەکە
هەنگاوی ٢: کرتە بکە لەسەر «Report»
هەنگاوی ٣: هۆکاری ڕیپۆرتکردنی پۆستەکە هەڵبژێرە
هەنگاوی ٤: بڕیار بدە ئایا دەتەوێت ئەکاونتەکە بلۆک بکەیت یان سنووردار بکەیت

سناپچات:

هەنگاوی ١: کرتە بکە لەسەر سێ خاڵەکە لە گۆشەی سەرەوە یان خوارەوەی ڕاستی پۆستەکە
هەنگاوی ٢: کرتە بکە لەسەر «ئەم سناپە ڕیپۆرت بکە - Report this Snap»
هەنگاوی ٣: هۆکاری ڕیپۆرتکردن هەڵبژێرە
هەنگاوی ٤: کورتەباسێک زیاد بکە بۆ پشتگیری ڕیپۆرتەکەت

تیکتۆک:

هەنگاوی ١: بچۆ بۆ ئەو ڤیدیۆیەی دەتەوێت ڕیپۆرتی بکەیت
هەنگاوی ٢: دوگمەی هاوبەشکردن (Share) دابگرە
هەنگاوی ٣: دوگمەی ڕیپۆرت دابگرە کە وەک ئالایەک دەردەکەوێت
هەنگاوی ٤: هۆکاری ڕیپۆرتکردن هەڵبژێرە
هەنگاوی ٥: ڕیپۆرتەکەت بنێرە

واتسئاپ:

هەنگاوی ١: چاتی ئەو کەسە بکەرەوە کە دەتەوێت ڕیپۆرتی بکەیت
هەنگاوی ٢: کرتە بکە لەسەر ناوی پەیوەندیکەر یان ژمارەکە و «Chat info» بکەرەوە
هەنگاوی ٣: بڕۆ بۆ خوارەوە تا کۆتایی و کرتە بکە لەسەر «Report»
هەنگاوی ٤: کرتە بکە لەسەر «Report» یان «Block and Report»

X (تویتەر):

هەنگاوی ١: کرتە بکە لەسەر سێ خاڵەکە لە گۆشەی سەرەوەی ڕاستی پۆستەکە
هەنگاوی ٢: کرتە بکە لەسەر «Report this post - ئەم بڵاوکراوە ڕیپۆرت بکە»
هەنگاوی ٣: هۆکاری ڕیپۆرتکردنی پۆستەکە هەڵبژێرە
هەنگاوی ٤: وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە بە هەڵبژاردە پێشنیازکراوەکان
هەنگاوی ٥: بڕیار بدە ئایا دەتەوێت هەژمارەکە بلۆک بکەیت یان بێدەنگی بکەیت

لایەنەکانی جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتگوزارییەکانی پاراستن

گرفت

هەرچەندە دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەڵامی هەندێک لە ڕووداوەکانی تۆندوتیژیی ئۆنلاینیان داوەتەوە، بەڵام چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر نییە کە بە تایبەتی هەموو جۆرەکانی ئەم تۆندوتیژییە بە تاوان بناسێنێت، هاوکات هیچ دەزگایەکی ڕاسپێردراو و پەیوەندیدار بە شێوەی فەرمی دیاری نەکراوە و هیچ پرۆتۆکۆڵێکی ستاندارد نییە بۆ ڕێکخستنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان. بۆیە کەیسەکان بە پشتبەستن بە یاساکانی ئێستا هەڵدەسوڕێنرێن، کە ئەمە دەتوانێت بۆشایی جێبەجێکاری و جیاوازی لە شێوازی کارکردن و نیگەرانی لەبارەی نهێنییاریێزی و سەلامەتیی قوربانیان دروست بکات.

پێویستە قوربانییان بە ڕوونی ئاگادار بکرێنەوە لە مافیان بۆ ڕیپۆرتکردن، ڕۆڵ و سنوورەکانی دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا لە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کەیسانە، ڕێگە فەراهەمکراوەکانی ڕیپۆرتکردن، ئەنجامە یاساییە چاوەڕوانکراوەکان و مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە تۆمارکردنی سکاڵا. ئەرکی سەرەکیی پۆلیس بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تاوانی هەواڵێدراو، گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ وەستاندنی تاوان، کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگە و دەستنیشانکردنی ڕێکارە سزاییەکان. لە هەندێک کەیسدا، پۆلیس دەتوانێت فەرمانی پاراستن بدات یان شوێنی تایبەت بۆ پاراستن دابین بکات.

کردارەکان

پاڵپشتیکردن ڕزگاربووان بۆ مامەڵەکردنی شیاو لەگەڵ دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا تەریب لەگەڵ ڕێبازی بەناوەندکردنی ڕزگاربوو و هەروەها بە ڕەچاوکردنی نهێنییاریێزی و هۆشداریدان سەبارەت بە مەترسییەکان. ئەمە وا دەکات ڕێکاری یاسای ڕووبەڕووی زیانی زیاتریان نەکاتەوە، هاوکات هۆشیارییەکە کە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیس و وەڵامدانەوەی یاسایی پێویستە. دەبێت ڕزگاربووان زانیاریان سەبارەت بە ڕێڕەوەکانی ڕەوانەکردن و ئەنجامە یاساییەکان و هەروەها مەترسییە گرنگەکانی تۆمارکردنی سکاڵا هەبێت.

هەڵسەنگاندن بۆ مەترسی-سووڕە یاساییەکان بکە

پێش پشتگیری لە قوربانی بۆ تۆمارکردنی سکاڵا:

- دەزگای جێبەجێکردنی یاسا بۆ ڕیپۆرتکردن دیاریبکە (لیستەکەی خوارەوە سەیر بکە)
- مەترسییەکانی ئێستا و دواتر دەستنیشان بکە (لەوانە تۆڵەسەندنەوە لەلایەن تاوانکار، خێزان یان کۆمەڵگە)
- بڕیار بدە کە ئایا ڕیپۆرتکردن زیانی جەستەیی یان تۆندوتیژی لەسەر بنەمای ئابڕووی لێ دەکەوێتەوە
- پێداویستییەکانی پاراستنی ڕزگاربوو لە پێش، لە کاتی، و دوای ڕیپۆرتکردن دەستنیشان بکە
- بۆ ڕزگاربووە منداڵەکان، پێویستە ڕێنمایی و پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستنی منداڵ جێبەجێ بکرێن

دڵنیابوون لە ڕەزامەندیی بەئاگا (بۆ قوربانییانی پێگەیشتوو)

- ڕوونکردنەوەی مافی ڕیپۆرتکردن و هەڵبژاردەی ڕیپۆرت نەکردن
- ڕوونکردنەوەی ئەنجامە پێشبینیکراوەکان (پرۆسەی لێکۆڵینەوە، ڕێوشوێنی دادگا، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاوانکار، ماوەی خایەنراو)
- ڕوونکردنەوەی مەترسییەکان لە نێوانیاندا لاوازبوونی نهێنییاریێزی، ئاگادارکردنەوەی خێزان، هۆشیاریی کۆمەڵگە و دواکەوتنی ئەنجامەکان
- دڵنیابوون لەوەی بڕیارەکە بە شێوەی ئارەزوومەندانە و بە ئاگاییەوە دراوە

تێبینی: لە کەیسەکانی پەیوەندیدار بە منداڵان، پێویستە ڕێنماییەکانی پاراستنی منداڵ و باشترین بەرژەوەندی منداڵ جێبەجێ بکرێت.

پشتگیری ڕزگاربووان بکە لە پاراستن و ئامادەکردنی بەڵگە پێش ڕیپۆرتکردن

- پاڵپشتی لە بەڵگەنامەکردنی سەلامەتی بەڵگە دیجیتاڵییەکان بکە (سکرینشۆت، بەستەر، ناوی بەکارهێنەر، کاتی ڕووداوی زیانەکان)
- ئەگەر گونجاو بوو، دڵنیابەرەوە کە بەڵگەکان پارێزراون بەر لە هەوڵدانی ڕزگاربوو بۆ سڕینەوەی ناوەڕۆکەکە
- هەماهەنگی بکە لەگەڵ یەکەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە کاتی پێویست نەوەک زیان بە لێکۆڵینەوەکان بگات
- نهێنییەکان بپارێزە و بە دروستی فایلەکان هەڵبگرە

ڕزگاربوو بۆ پرۆسەی ڕیپۆرتکردن ئامادە بکە

- ڕوونی بکەرەوە کە لە کوێ و چۆن سکاڵا تۆمار دەکرێت؛
- ڕوونی بکەرەوە کە چ زانیارییەک پێویستە؛
- گفتوگۆ لەسەر ئەگەری چاوپێکەوتن یان پرسیاری ڕوونکەرەوە بکە؛
- ئەگەر گونجاو بوو و کرا، هاوسۆزی و دڵنەوایی نیشان بدە؛
- بە ڕزگاربووان بڵێ کە لەوانەیە لێکۆڵینەوە زۆر بخایەنێت؛

مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید © ٢٠٢٦

- ڕوونی بکەرەوە کە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، بە تایبەتی ئەگەر لە دەرەوەی سنووری وڵات ئەنجام دران، بە زەحمەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؛
- بەڵێنی هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو مەدە.

پلانی سەلامەتی لە پێش و دوای ڕیپۆرتکردن ڕەچاو بکە

- پلانێکی پاراستن ئامادە بکە کاتێک کە تاوانکارەکە بە فەرمی ئاگاداری سکاڵایەکە دەبێت یان پێی ڕاگەیاندرا بێت
- هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیی شێڵتەر یان ڕێوشوێنی پاراستنی بەپەلە بکە
- پلان بۆ پاڵپشتیی پاشوەختە دابنێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر خێزان یان کۆمەڵگە کاردانەوەیان هەبوو

بە درێژایی پرۆسەکە پاڵپشتیی پاراستن و دەروونی-کۆمەڵایەتی پێشکەش بکە

- پاڵپشتیی بەردەوامی سۆزەکی لە کاتی لێکۆڵینەوەکە پێشکەش بکە
- چاودێریی مەترسییە ڕوو لە هەڵکشانەکان بکە
- چاودێری بکە و بە گوێرەی پێویست پلانی سەلامەتی بگۆڕە

لایەنەکان

بڕیاری ئەوەی کە پەنا ببرێت بۆ کام لە دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا کە کار لە سەر ئەم جۆرە کەیسانە دەکەن پەیوەندی هەیە بە بوونی ڕێکاری ڕەوانەکردنی کەیسەکان و هەماهەنگی لە گەل ئەو دەزگای و پێویستە دڵنیایی بدرێت لەوەی جۆری کەیسەکە لەگەڵ ڕاسپاردەی دەزگاکە یەک دەگرێتەوە. پەیوەندیی پێشەیی بەهێزتر ڕەوانەکردنی چاکتر و سەلامەتتر مسۆگەر دەکات. پێویستە ڕاهێنراوان بە درێژایی پرۆسەکە هەوڵی ڕزگاربوونەکە بکەن. ئەگەر کەیسەکە منداڵیش بوو، ئەوان پێویستە هەمیشە ڕاهێنراوان لەگەڵ منداڵەکە بن و دڵنیابنەوە لەوەی پرۆتۆکۆڵەکانی پاراستن بەوردی جێبەجێ کراون بۆ پاراستنی سەلامەتی و شکۆ و ئاسوودەیی منداڵەکە بە درێژایی پرۆسەکە.

هێڵە گەرمەکان

عێراق	
911	پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق
104	هێڵی گەرمی پۆلیسی نیشتیمانی (داواکردنی هاوکاری و پاراستن)
497	هێڵی گەرمی پۆلیسی کۆمەڵگە (یارمەتیدان لە کەیسەکانی توندوتیژیی خێزانی)
139	بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی خێزان و منداڵ (بۆ ڕیپۆرتکردنی حاڵەتەکانی گێچەڵ دژی ژنان و کچانی هەرزەکار و کەیسەکانی ئەشکەنجەدان)
131	هێڵی گەرمی نووسینگەی ئاسایشی نیشتیمانی (ڕیپۆرتکردنی هەڕەشەی سێکسیی)

هەرێمی کوردستان	
119	بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و خێزان
104 / +964 750 808 8080	پۆلیس
066106 / +964 750 252 2728	ئاسایش - هەولێر
+964 770 390 6223	ئاسایش - سلێمانی

SEED

www.seedkurdistan.org

@SEEDKurdistan

Safe Online

Iraq Task Force
Online
Violence
فريق عمل العراق – العنف الإلكتروني
گرووپی کاری عێراق- تووندوتیژی ئەلیکترۆنی